گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانكۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 10, No. 2, pp. 301–312, June-2022
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# ئیستاتیكای شوێن لە سترانا فۆلكلۆری كوردیدا (سترانا تێلی) وەک نموونە

سالار عوسمان[1]* و پەیمان محەمەد عومەر[2]

[1]وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان- هەرێما كوردستانێ/ عێراق.

[2]پشكا زمانێ كوردی- فەكۆلتییا زانستێن مرۆڤایەتی-زانكۆیا زاخۆ- هەرێما كوردستانێ/ عێراق.

وەرگرتن: 2022/01 پەسەندكرن: 2022/04 بەلاڤكرن: 2022/06 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2022.10.2.925

پوختە:

ئەم لێكۆڵینەوەی ئێمە لە ژێر ناونیشـان (ئیسـتاتیكای شـوێن لە سـترانا فۆلكلۆری كوردیدا (سـترانا تێلی) وەک نموونە) هەوڵدانێكە بۆ روونكردنەوەی رۆڵ و پێگەی شـــوێن. مرۆڤ لەســـەر رووی زەویدا بەبێ شـــوێن بوونی نییە، ئەو شـــوێنانەی مرۆڤ تیایدا دەژیت، تەنیا شـــوێنێكی جوگرافی نییە، بەڵكو هەڵگری ئـەزموون و بەهـا و مـانـای مرۆڤـایـەتییـە، واتـە شـــوێن كـاریگـەری لـەســـەر دەروون و دەستنیشانكردنی ناسنامەی كەسایەتی و تایبەتمەندیی مرۆڤ هەیە، جا هەر جۆرە كەسایەتییەک بێت، كەواتە شـــوێن خاوەن دەســـەلاتە و دەبێتە هۆی جیاوازیی نێوان چینەكانی كۆمەڵگا، بێگومان مرۆڤیش كاریگەریی قووڵی لەسـەر شـوێن هەیە، ئەمەش پەیوەسـتە بە پێشـكەوتنی هزری مرۆڤ، واتە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و شوێن، پەیوەندییەكی فرەلایەن و كاریگەر قسەهەڵگرە .

شـــوێن بـە پێی جۆرەكانی، پێگـە و گرنگیی خۆی لـە دەقی ئەدەبیدا هەیە و بـە نـەبوونی دەبێتـە هۆی لەدەستدانی بەهای هونەریی دەق.

ئەم باسەی ئێمە خوێندنەوەیەكی شیكاریی وەسفیی ئامارییە بۆ (ئیستاتیكای شوێن لە سترانا فۆلكلۆری كوردیدا (سترانا تێلی) وەک نموونە)، (سترانی تێلی) سترانێكی فۆلكلۆری كوردیی باكووری كوردستانە، كە باس لە عیشـق و ئەڤینداری دەكات و لە رێگەی وەسـف و پەسـنی (تێلی) ی ئافرەت و مەعشـوقدا، بە قووڵی لە شوێن دەدوێت، واتە لە رێگەی وەسفێكی هونەریی سەرنجراكێش بۆ (سترانی تێلی)، ئیستاتیكای شوێن بەرجەستە دەبێت و وەک تابلۆیەكی هونەری چەند شوێنێكی هەمەجۆر زەلال و بەرجەستە دەبێت. ئەم باسـە هەوڵێكی خاكەڕای زانسـتییە بۆ قسـەكردن سـەبارەت شـوێن لە دەقێكی فۆلكلۆری كوردیدا، بە ئامانجی پتر ناساندن و قووڵبوونەوە بە نێو دەقە رەسەنە فۆلكلۆرییەكانی نەتەوەی كورد، بە ئاراستەی زانینی بەهای شـوێن و دەسـتنیشـانكردنی رێژەی بەكارهێنانی جۆرەكانی شـوێن لەو سـترانە ڤۆلكلۆرییە كوردییەدا.

**پەیڤێن سەرەكی:** شوێن، ستران، فۆلكلۆر، تێلی، باكووری كوردستان، نەتەوەی كورد، ئیستاتیكا، دەق.

## پێشەكی:

بەشـــێوەیەكی گشـــتی هەبوونی شـــوێن پێش مرۆڤ بابەتێكی روون و ئاشـــكرایە؛چونكە بێ شـــوێن مرۆڤ بوونی نییە یاخود پەیوەندیەكی پتەو لە نێوان مرۆڤ و شـــوێندا هەیە، كە هەموو مرۆڤێک شـــوێنی خۆی هەیە؛ بەڵام مەرج نییە هەموو شـوێنک مرۆڤ تێدا بژیت، واتە پەیوەنـدی نێوان شـــوێن و مرۆڤ پەیوەنـدییەكی كارلێكراو كارتێكەرە.

بە شـــێوەیەكی تایبەتیش، شـــوێن لە بواری ئەدەبدا تایبەتمەندی و بەهای هونەری و ئیســـتاتیكای خۆی هەیە، یاخود داهێنەر بە پێی ویســـتی خۆی گۆڕانكاری بەســـەردا دەكات. شـوێن لە رووی سـێ جەمسـەرەوە (پێكهاتەیی، پانتایی، نیشـتەجێبوون و جێگۆڕكێ) لە نێو

*فەكولەرێ بەرپرس.

دەقدا رۆلی خۆی لە بەرجەستەکردنی تایبەتمەندی و ئیستاتیکای دەقدا دەبینێت. کاری ئێمە تەنها لەسەر دەقی سترانا فۆلکلۆرییە، بە تایبەتی (سترانا تێلی)، سترانێکی فۆلکلۆری کوردیی باکووری کوردستانە، کە باس لە عیشق و ئەڤینداری دەکات و لە ڕێگەی وەسف و پەسنی تێلی ـی ئافرەت و مەعشوق، بە قوولی لە شوێن دەدوێت. واتە لە ڕێگەی ئیستاتیکای شوێن وەسفێکی هونەری سەرنجراکێش بۆ (سترانا تێلی) بەرجەستە دەبێت.

– **ناونیشانی لێکۆڵینەوە:** ((ئیستاتیکای شوێن لە سترانا فۆلکلۆری کوردیدا (سترانا تێلی) وەک نموونە)).

– **ڕێبازی لێکۆڵینەوە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر بنەمای ڕێبازێکی ( وەسفی، شروڤەکاری، ئاماری) ئامادەکراوە.

– **گریمان:** – هۆکاری هەبوونی ونەبوونی ئیستاتیکای شوێن لە (سترانا تێلی) دا چی یە ؟

– دەستنیشانکردنی ڕێژەی هەبوون و نەبوونی جۆرەکانی شوێن لە (سترانا تێلی) دا ؟

– ڕێژەی کام جۆر لە (سترانا تێلی)دا زاڵترە؟

– ڕێژەی هەبوون و نەبوونی ئاماژەی ناراستەوخۆ بۆ شوێن لە (سترانا تێلی)دا؟

– ڕێژەی کام ئاماژە زاڵترە لە (سترانا تێلی) دا ؟

– **ئارمانجی لێکۆڵینەوە:** خوێندنەوەیەک بۆ ئیستاتیکای شوێن لە سترانا فۆلکلۆریدا دەکرێت و جەخت کردن لە (سترانا تێلی)، یاخود ئێمە هەوڵماندراوە بەها و ئیستاتیکای شوێن لە تێکستی فۆلکلۆری( سترانا تێلی) لە ڕەخنەی ئەدەبیدا روون و ئاشکرا بکەین.

– **بەشتەکانی لێکۆڵینەوە:**

پێشەکی.

بەشی یەکەم: شوێن (زاراوە و چەمک و شرۆڤە، جۆر و خەسڵەت و ئەرکەکانی) .

بەش دووەم: شوێن و پراکتیزەکردنی لە (سترانا تێلی) دا: بەندی یەکەم: تێکستی( سترانا تێلی). بەندی دووەم: شوێن و (سترانا تێلی).

– ئەنجام.

– لیستی سەرچاوەکان

– ملخص البحث

–Abstract

**بەشی یەکەم: شوێن: زاراوە، چەمک و شرۆڤە**

**زاراوەی شوێن**

لە زمانی کوردیدا، هەر بۆ شوێن، جێ و جیگە و جێگا و جێـ‌ە و جـە و شـوون ـ یش بەکاردێت، کە لە زمانی عەرەبیدا (مکـان، محـل) (نظـام الـدین: 1989: ل ٤٨٦) و لە زمانی فارسیدا هەر (مکان) (پـوور: ٢٠٠٨: ل ١٢١٩)ـە عەرەبیەکە بەکاردێت و لە زمانی ئینگلیزیی شـدا (Place)(عـلـی: ٢٠١٥:ل ٣٠١) بەکاردەبرێت و لە هەندێ فەرهەنگیشدا جۆرێک لە تێکەڵی لەنێوان شوێن و ناونیشان و پەیڤ گەلێک یتر هەن، کە ئێتر کاتی هاتووە و درەنگیشە بە هەڵە ی نێو فەرهەنگەکانیشماندا بیینەوە.

**شوێن: چەمک و شرۆڤە**

شوێن و مرۆڤ و سەرجەم ئەو پرس، بابەت و پێوەندییانەی لە نێوانیاندا هەیە، بابەتگەلێکی مێژوویی، فەلسەفیی ئینسانیین و لە هەر گۆ شەیەکەوە لێوەی بدوێین دەمانخاتەسەر ئەو ڕاستەڕێیە ی، کە شوێن و مرۆڤ دوانەیەکی بنیادیین و قسەکردن لەهەر بابەتێکی ژیان، بێ قسەکردن لە شوێن و مرۆڤ، یا ناکرێت، یان زۆر کاڵ و کرچ و کەم مانا دەردەچێت. لەبەرچی بابەتێکی مێژووییە؟.. لەبەر ئەوەی لەوەتەی م ێژوو هەیە شوێن هەیە و تێکڕای ئەو بویەر و بزاڤ و چالاکییانەی هەبوون و هەن و ڕوودەدەن لە شوێن ـی کەوە ڕوویانداوە، بابەتێکی فەلسەفییشە،چونکە دەگەڵ خۆیدا هەڵگری پرسیار و لێکدانەوە و ڕاڤەی جیاوازە، هـ ەمدیس بابەتێکی ئینسانییشە، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو بویەر وچالاکییە پرسیارهەڵگرانە پەیوەستن بە خودی ئینسانەوە.

هەر لێرەدا و نزیک لەو تێگەیشتنە، کە ئایا بۆچی لە ب اسکردنی شوێندا چەمکی مێژوومان خستۆتە پێش ئینسا نەوە، دەکرێ ئاوا شرۆڤەی بکەین، بەر لە مرۆڤ شوێن هەبووە،واتا خودا سەرەتا گەردوونی دروست کردووە و ئینجا مرۆڤی، چوون جێنشینی خۆی خوڵقاندووە و ن او و زمانەکانیشی فێرکردووە، (هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ا لأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّاسْتَوَى إِلَى السَّمَاء فَسَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَهُ وَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيم)(القران الكريم:سورة البقرة: ٢٩)(وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلاَئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً )(القران الكريم، سـورة البـقـرة: ٣٠)،(وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا) (الـقـران الـكـريـم، سـورة الـبـقـرة: ٣١)، کە واتە شوێن سەرەتایە و دواتر مرۆڤەکان، لەگەڵ ئاو ەدانکردنەوەدا، مەبەستیشمان لە ئاوەدانکردنەوە ژیانە، چونکە ئەوە ژیانە مانا بە

شوێن دەبەخشێت و به کورتی: مرۆڤ شوێن مانادار دەکـات و ئەگەر مـێـژووی هەوڵـی مـرۆڤە کانیش بخوێنینەوە، دەبینین لەهەر سەردەم و قۆناغێ کدا مرۆڤەکان ویسـتوویانە شـوێن مانادار بکەن، بە نموونە شوێنگە سەرەتاییەکان، بن بەرد و ئەشکە وت و کوخ و ماڵ و تەنانەت سـەرجەم ئەو نەخش ونی گارە هونەرییانەیش، کە مرۆڤ لە قۆناغە جیاجیاکاندا و تا بە ئەمرۆیش دەگات، نەخشـاندوونی، کە پڕن لە جیاوا زیی و پەرەسـەندن، ئەو ڕاستییەمان لا ڕوونتر دەکەنەو ە، کەمرۆڤ نەک هەر هەوێنی ئاوەدانی شـوێن بووە، ب ەڵکو مانایشی بە شوێن بەخشیوە.

مرۆڤ نییە بێ شـوێن، لێ شـوێنگەلێکی زۆر هەن بێ مر ۆڤ، بۆیە شـوێن بە مرۆڤ و ژیان و بزاڤەکانەوە پتر ماناداریی وەردەگرێت و مەبەسـتی ئێمەیش لەو لێکۆڵینە وەیەداشوێنە بە مانای ژیان.

لەبارەی شـوێنەوە پێناسـەکان زۆرن و ڕوانگای جیاواز ییش هەس، پێدەچێت یەکەم کەس، کەپێناسـەی شـوێنی کردبێت، ئەفلاتون بێت، کە دەڵێت: (شـوێن گرتنەخۆ و ت ێدابوونە،بوونێکی ڕاسـتەقینەی هەیە و لە سـێ مەودا پێ ک دێـت) (ابراهیم: بـدون سـنـة الطبع: ص٥٢٠) و دواتریش ئەرستۆ پشتیوانی ڕاکەی کردووە و پێیوایە، شـوێـن ئەو ڕووە نـاوەکـییەیە، کە تەنـێـک لە خـۆ دەگـرێـت) (عـبـدالـمـعـطـي: ١٩٨٤: ص ٢٩٠) و زۆربەی پـێـنـاسـەکـان، وەک ئەفلاتون وئەرستۆ، یا ڕاستتر بڵێین، جەخت لەسەر بوو نێکی ڕاسـتەقینە و گرتنەخۆیی دەکەنەوە،کەواتە دەکرێ بڵێین، زۆربەیان مەترییالیانە پێناسەی شوێنیان کردووە، هەر لەسـەر ئەو بنەمایەیش، کە دیکارت وەک هەقیقەتێ کی حاشاهەڵنەگر باس لە بوونی شوێن دەکات ودەڵێت: (شـوێن لە خودی مەتریال پێک دێت)، ئەم بۆچوونەی د یکارت زۆر گەنگەشە

خوڵقێن نییە بە ئاراسـتەی جیاوازیی، چونکە ئایدیالییەک انیش لەمەڕ چەمکی شوێنکۆک و یەکڕا نین، هەندێ خود یانە و هەندێ بابەتییانە لە مەسـەلەکە دەڕوانن، خودییە کان پێیانوایە هۆش و بابەتییەکانیش پێیانوایە ڕۆح شـو ێن دەکات بە بوون، ئەگینا هەردوولا لەسـەر ئەوە کۆکن کە شوێن و تەنانەت کاتیش بوونی بابەتییان نییە.

ئێستا ڕوونتر دەکرێ بڵێین: شوێن بوونە، بوونێک کە خ ەسڵەتی گرتنەخۆیی لە خۆی دەگرێت و (شێوەی بوونی کەرەستەیە، کە جێی بوون قەبارە و دووریەکانی تەن د یاردەکات)(بودو سـتنیک و اخرون:١٩٧٠: ص٤٥).وەک چۆن مرۆڤ بوونەوەرێکی شـوێنییە،ئاوا شـوێنیش بوونێکی گرتنەخۆییە و هەر قەبـارەیەک بچووک یـا گەورە، زیندوو یا نازیندوو لە شـوێنێکدا خۆی گرتووە، هیچ شـوێنێک نییە قەبارەیەکی لەخۆ نەگرتبێت، تەنانەت نا بەرجەستەییش وا لە شوێنێکدایە، بە نموونە ڕۆح، کە نابینرێ و ناگیرێ و نابەرجەسـتەیە، جەسـتە و لەش شوێنەکەیەتی.

د. تانیا ئەسـعەد محەمەد سـاڵح لە تێزی دکتۆراکەیدا: (بینای شوێن لە دوو ڕۆمانی کوردیدا، هێلانە- ئەژدیها) چەمکە جیاوازەکانی شـوێنی دابەش کردۆتە سـەر (٣) سێ ڕوو: ڕووی فەلسەفی، ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕووی هونەرییەوە (سـاڵح :2001، ل ١٣- ٢٥)، بەڵام دەکرێ لە هەموو ڕووەکـانەوە، یـا بـاشـتر بڵێین لە هەموو ڕوانگاکانەوە لە شـوێن بدوێین و بە کورتی شـوێن پرسـێکی هێندە فرەڕەهەندە دەشـێین لە سـەرجەم ڕوانگاکانەوە پێناسەی تایبەتی بۆ بکەین و بە دڵنیاییەوە پێناسـەی هەر ڕوانگایەکیش شـرۆڤە و لێکدانەوەیەکی جیاواز دەگەڵ خۆیدا دروسـت دەکات، هەر بۆ نموونە ڕوانگای ئایینی، شوێن لە ڕوانگای ئایینیدا دروستکراوی خودایە و جۆرێک لە پیرۆزیی دەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، یان شوێن لە ئەفسانەدا، کە سەر دەکێشێت بۆ سەدان شـرۆڤە و لێکـدانەوەی سـەرەتـایی بیری مرۆڤە سەرەتاییەکان، یانژی ڕوانگای زانست، کە بابەتییانە لە شـوێن دەکۆڵێتەوە و بنەما و پێکهاتە و سـروشـت و کارلێکە واقیعییەکانی دەخاتەڕوو.

وەک پێشـتر گوتمان، بەر لە مرۆڤ، بەر لە تێگەیشـتن، شـوێن هەبووە، کەواتە گەر سـتوونیانە گەنگەشـەی شـوێن بکەین دەبێ ڕوانگا ئینسـانییەکان بکەینە بنەمای گەنگەشەکە و گەر ئاسۆییانەیش گفتوگۆکە بکەین، دەبێ ڕوانگا زانستییەکان بکەینە بنەمای گفتوگۆ.

مەبەسـتمـان لە ڕوانگـا ئینسـانییەکـان، زانسـتە مرۆڤایەتییەکانە، کە ئەفسـانە، ئایین، فەلسـەفە، مێژوو، جوگرافیـا و ئەدەبیش دەکەونە نێو ئەو زانسـتەوە و دیارە مەبەسـیشـمان لە ڕوانگای زانسـتی، زانسـتە ڕووتەکانە، کە فیزیا، کیمیا، پزیشـکی، ئەندازیاریی و ماتماتیکیش دەکەونە نێو چوارچێوەی ئەو زانستەوە.

بەو پێودانە، دەبێ ئاسـتی پێناسـەکردنمان بۆ شـوێن، ئاستی ستوونی و ئاستی ئاسۆیی بێت و لە ڕێگەی ئەو پۆلینکردنە، دەشـێین ڕوانگاکانمان دابەش بکەین، بە نموونە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، لە بەر ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبییە، دەبێ پتر پشـت بە ئاسـتە سـتوونییەکە

ببەستین، چونکە قسەکردنمان لەسەر دەقێکی ئەدەبی فۆلکلۆرە و دەقی ئەدەبییش جیا فۆلکلۆر بێت یا نووسراو، بەرخورد لەگەڵ ئینسان و دەروون و هەڵچوون و وێنە خودییەکان دەکات.

هەندێ لە لێکۆڵەران پێیانوایە، هونەریی شوێنیی هەیە، وەک (وێنە و پەیکەر) (بورنوف و اخرون: 1991: ص ١١٨) و لە بەرامبەریشدا هەندێ پێیانوایە، کە دەقی زەمەنییش هەس، وەک رۆمان (رۆمان) (الورفلي :2009: ص ٧٧)دیارە هەندێکیش پێیانوایە کە شوێن و کات، ئەوەی کە باختین ناوی ناوە (کرۆنۆتۆپ: واتە شوێنکات) (ئەڵوەنی: ٢٠١٧: ل١١٧) لێکدانەبڕاون و هەموو دەق و هونەرەکان دەچنە نێو شوێنکاتەوە، ئەم تێڕوانینە زۆر ڕاستە، چونکە وێنە ئەگەر پرێش بێت لە شوێن، لێ خاڵی نییە لە کات و ڕۆمانییش کە پڕە لە گێڕانەوە و گێڕانەوەیش هەڵگری خەسڵەتێکی زەمەنییە، لێ شوێن بە بارتەقای زەمەن لەگەڵیدا ڕێ دەکات و بە کورتی، هەموو دەقێک قاچێکی وا لە نێو شوێن دایە و قاچەکەی تریشی وا لە نێو کاتدایە.

**شوێن: جۆر، خەسڵەت و ئەرکەکانی**

لەوانەیە سادەترین و لە هەمان دەمدا گرنگترین پرسیار ئەو پرسیارانە بێت: شوێن، سەرەتا چۆن و لە کوێ دروست بووە و ژیان تیایدا چۆن گوزەراوە و دواتر چۆن پەرەیسەندووە و ئایا شوێن کانی ئێستا هیچ پێوەندییەکیان بە شوێنە کۆن وسەرەتاییەکانەوە هەیە و دەیان دە پرسیاریتر.

شوێن و لێکدانەوەکانی، بە هەموو ئەو جیاوازییانەیەی لە نێوانیاندا هەیە، تایبەت لە هەردوو دیدگا ئایدیالی و مەتریالییەکەی، ڕوانگامان فراوانتر دەکات و ئەم ڕوانگا فراوانیەیش دەستمان دەگرێت بۆ دەستنیشانکردنی جۆرەکانی شوێن و بێگومان هەر جۆرێکیش، بە جیاوازییەکەیەوە خەسڵەت و ئەرکی تایبەت بەخۆی هەیە.

شوێن بوونە، بوونێک ڕێکخرا و ئامانجدار، ئەگەر هەر خودی گەردوون وەربگرین و ناوی لێنێین: مەزنترین شوێن، یان شوێنی شوێنەکان، دەبینین ڕێکخراوە، واتە ئەقڵێک لە پشت ڕێکخستنەکەیدایە، کەچی ئەم ئەقڵەیش دیار نییە، کەواتە ئێمە ئێستا قسە لە ( دیار) یێک دەکەین کە گەردوونە و دروستکراوە و هەیە، لە بەرامبەریشدا قسە لە(نادیار ) یێک دەکەین، کە خودان ئەقڵێکی ڕێکخراو و هەروەها دروستکارە، کەچی نابینرێت، کەواتە گەردونێکی دیار و دروستکارێکی نادیار، یا ئەگەر ڕوونتر بپرسین: دەکرێ دروستکراو دروستکارێکی نەبێ؟.. ئەقڵی مرۆڤ، یان وەک برکلی و ماخ ناویان ناوە ڕامانی مرۆڤ، چونکە ئەوان پێیانوایە (زەمەن و شوێن دوو شێوەی سەرەتایی ڕامانی مرۆڤن) (عەباس: ١٩٨١:ص ٢٣٦)، لێ بە پێچەوانەوە (فەیلەسوفە مەتریالیستەکان باوەڕیان بە بابەتیبوونی زەمەن و شوێن هەیە و هەر بوونێک لە دەرەوەی ئەم دووە ڕەتدەکەنەوە، هەروەها پێیان وایە کە زەمەن و شوێن لە مادە جیا نابنەوە مادە تەجەلی هەردوکیانە) (عەباس: ١٩٨١:ص ٢٣٦).

شوێن سەرەتا سروشت بووە، هەر بستەئەرد و بنبەرد و ئەشکەوت و دەشت و دۆڵ و یاڵ و پەنا و پەسیو و دواتر کوخ و خانۆچکە و ماڵۆچکە و ماڵ و خانوو و پاشان کێڵگە و مەزرا و دواتریش بازاڕ و شوێنە گشتییەکان، ڕێک وەک سروشت سادە و ساکار و دواتر دەگەڵ پێشکەوتنەکان، ئەو شوێنانەیش پێشکەوتنیان بە خۆیەوە بینیوە، بە واتایەکیتر پەرەسەندنی هەر شوێنێک پەیوەست بووە بە پەرەسەندنی قۆناغەکانی پێشکەوتنی مێژووی مرۆڤایەتی و بە دڵنیاییشەوە ئەگەر قۆناغەکان، زۆر لەیەکتر جیاوازییش بن، لێ پێوەندیی و کارلێکییان بەسەریەکەوە هەیە و بەکورتی هیچ شوێنێک نییە، کاریگەریی، یا پێوەندیی و کارلێکی زەمەنەکانی بەر لەخۆی بەسەرەوە نەبێت، زەمەن بە هەموو بوونییەوە، هەر بە نموونە شوێنی نێو زەمەنە دوورەکان، کە وەک بوونێک ماوەتەوە و بۆتە بەشێک لە زیهنییەتی تێگەیشتن و تەنانەت جۆرێک لە ئیدراکیشی دەگەڵ خۆیدا گواستۆتەوە.

ڕەنگ، ئەگەر هەر تەنێ ڕەنگ وەرگرین لە شوێندا، ئەوا لەو ڕاستییە تێدەگەین، کە لەوەتەی ژیان هەیە ڕەنگ هەیە و لە زووەوەیش، واتە لە نێو شوێنە سەرەتاییەکانیشدا ڕەنگ هەر پرسێکی جەدەلیی بووە و ئەم جەدەلە درێژخایەنەیش، ئەگەر جۆرێک لە تێگەیشتن و لێکدانەوەیشی گۆڕی بێت، لێ جەدەلەکە هەر دەوام دەکات و کەواتە، شوێنێک نییە دوور لە باندۆری دوێنێ! ژیان هەروەک خۆی نەماوەتەوە، مرۆڤیش هەروەک خۆی نەماوەتەوە و تێگەیشتنی گۆڕاوە، هەموو ئەمانە، واتە هەموو ئەو گۆڕان و تێگەیشتنە جیاوازانە، شوێنیشی دەگەڵ خۆیدا گۆڕیوە، شوێنەکانی ئێستا هی دوێنێ نین، ئەگەر زیهنییەت و تێگەیشتنی دوێنێییشی تیا بێت، لێ شوێنی ئەمرۆیین، لە نێوان دوێنێیی و

ئەمڕۆییدا چەندین جۆری شوێن، بە خەسڵەت و ئەرکی جیاوازەوە بوونەتە جێمژاری سەرچاوە زانستییەکان، کە ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین، نزیک لە ئامانجی باسەکە، بیانخەینەڕوو.

دەربارەی جۆرەکانی شوێن فرە پۆلێن کردن هەیە؛ بەڵام ئێمە لە سێ جەمسەر جۆرەکانی شوێن دەخەینە روو، ئەویش:

**1- لە رووی پێکهاتەوە: (واقیعی، خەیالی):**

شوێنی واقیعی، شوێنێکی جوگرافییە و رووبەر و سنوورێکی دەستنیشانکراوی هەیە، شوێنی واقیعی(ئەو شوێنەیە کە وامان لێ دەکات ئەو جێگایانەمان بە بیربێتەوە کە تێیدا ژیاوین و خەونمان دەدیت تێیدا بژین) (سابیر: 2001: ل326). لە تێکستی ئەدەبیدا شوێن (ئەو شوێنە نییە کە لە جیهانی دەرەوەدا هەیە، هەر چەند ئەگەر تێکست ئاماژەی پێدابێت، یان بە ناوێکی واقیعی ناو نرابێت؛ بەڵام شوێن لە تێکستدا هەر بە ڕەگەزێک لە ڕەگەزە هونەرییەکان دەمێنێت) (صابر: 2012: ص333) واتە شوێن لە تێکستدا، شوێنێکی هونەرییە واقیعی نییە، هەر چەند ئەکەر نزیکیش هەبێت، هەندێ جار داهێنەر بیرۆکەکەی لە واقیع وەردەگرێت و بە پێی توانای خۆی داهێنانی تێدا دەکات.

**2- شوێن لە رووی پانتایی( کراوە و داخراو):**

شوێنی(گشتی و کراوە، شوێنی هەموو خەڵکە و سنوورەکانی فراوان و کراوەن، شوێنی تایبەت و داخراوە، ئەو شوێنیە، کە تایبەتە بە کەسێک یان چەند کەسێک) ( البنا:2009: ص31) واتە شوێنی کراوە بۆ هەموو کەسێک دەبێت؛ بەڵام شوێنی داخراو تایبەتە بە چەند کەسێک.

**3- شوێن لە رووی (نیشتەجێبوون، جێگۆڕکێ):**

ئەم جۆرە شوێنە تایبەتمەندکراوە بە شوێنی نیشتەجێبوون، کە دابەشی سەر دوو بەش دەبێت (هەڵبژێردراو، ناچاری-زۆرەکی-) شوێنی هەڵبژێردراو وەکو (ماڵ) کە نیشانەی دۆستایەتی و ژیانێکی ناوخۆیی کە کارکتەران تێدا دەژین، شوێنی ناچاری-زۆرەکی- وەکو (زیندان) کە لە جیهانی ئازادی دادەبرێت و خاوەن تایبەتمەندی سەربەخۆیە. شوێنی جێگۆڕکێ ئەویش دابەشی سەر دوو بەش دەبێت(گشتی، تایبەتی)، شوێنی گشتی وەکو(شەقام، گەڕەکی میللی، گەڕەکی خانەدان) مرۆڤ لە ماڵ یان لە شوێنی کارکردنی دەردەکەوێت و شوێنی خۆی دەگۆڕیت و بەرەو شەقام دەڕوات، جیاوازی نێوان گەڕەکی میللی، گەڕەکی خانەدان هەیە، کە سەر بە دوو کۆمەڵگای جیاوازن و هەریەکە خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی، شوێنی تایبەتی وەکو(قاوەخانە،...) ئەم شوێنانە مرۆڤ بە ویستی خۆی هەڵیاندەبژێرێت (بحراوی: 1990: ص43-55). واتە هەر شوێنێک دەربڕین لە خاوەنەکەی دەکات.

**بەشی دووەم: شوێن و پراکتیزەکردنی لە (سترانا تێلی) دا:**

**بەندی یەکەم: تێکستی( سترانا تێلی)**

تێلییێ
لێ لێ لێ تێلییێ لێ لێ...........
ئەزێ ب سبێ رە دبێژم تێلی ب ئێڤارێ رە دبێژم تێلی
ب گاڤێ ب دەقەیێ د بێژم تەلی
دە وەرە ئاشک و سەودالییێ بەژن و بالا تە مە دە
وەرە تێلی تێلی تێلی...........
تێلییا من رەنگینە بهارا مە رەنگینە
ل سەر رییا مە زۆزانەە
د بنیا مە رە بنگۆلە سەرهەدە شەرەفدینە
برەک مالێن باڤێ تێلییا من بارکرنە
ل زۆزانێن مەیێن ژۆرین دانینە
هەسپێ بنێ من رەوانە شۆپ گەرینە
منێ پێدا پێدا خوە گهاند زۆزانێ مەیا ژۆرینە
منێ دین و بالا خوە دداییێ سێ کۆن لێ ڤەگرتینە
منێ نۆمانێ خوە ئاژۆتییە پێشییا کۆنێ پێشینە
منێ بالا خوە دداییێ د بن دە سێ زەری روونشتینە
ب کوم و کۆلۆز و تەمەزی نە
جاڤێ وانە رەش و بەلەکن،
بژانکێن وان درێژن بریێ وان قەیتانینە
بێڤلێ وان چلاکن ،گەردەنێ وان درێژن لەگلەگێ نە
هنارکێ روویێ وان سۆرن،مینا گول و چیچەکێن بهارێ نوو ڤەکرینە
لێڤێن وان تەنکن گولپەرینە
درانێ وان هوورن منا برنجا قەرەژداخێ سپینە وەرە تەل...
لێلێلێ تێلییێ
منێ دین و بالا خوە دداییێ تاخمێ سینگ و بەرێ ڤان کاریخەزالان
منا بەخچاکی بەخچێ ئرەمێ هەزار تاهمێ خوەدێ لێ دانی نە
سەرێ مەمکێن وان سۆرن قارۆتێ بنێ وان سپی نە
منا سێڤەن خەلاتێ،هنارێن دێرکە خالخالی نە

مینا فنجانێن فەرفوور،ل سەر ماسێ زێر و زیڤی نە
زنجیرا دۆرێ سادە ژ زێرێ رەشادینە
خوەدێۆ!
ئەزێ ئاشک و سەودالییێ بەژن و بالایا ئۆرتێ مە
زۆردارا قیزا زۆردارا ناڤێ وێ تێلییێ
هەردوییێن دنا ژێرە بوونە کۆلە و خزمەتچی نە
ا یەکێ
ژێرە کاهوێ د کەلینە
یا دن
دەستمال گرتییە هێدی هەدی یاواش یاواش ژێ رە دکە
باوەشینە وەرە تێلی....
مینا قاز و قولنگێن بەرییا ژێرینە
ژ سالێ جارەکێ سەرێ خوە هلتینە
خوە ل زۆزانێ مەیە سەرهەد و بنگۆل و شەرەفدینێ دخینە
تەنێ شەڤ و رۆژەکێ لێ د مینە
سهوود و ئیقبالا گەلەک خۆرتان ل با رەببێ ئالەمێ قەت تونینە
ئەز نزانم چما رەوشا جیهانێ بەختێ فەلەکێ وسانە
تم و دایم ژنێن چێ قسمەتێ مێرێ کۆتینە وەرە تێلی تێلی تێلی......
خخخخخخخ
لێلێلێلی تێلیێ.....
تێلییا من لێ هایێ
بەژن زراڤا من لێ هایێ
ئەزێ سالا ئیسال ،ئاشق و سەودالییە بەژن و بالا تە بوومە
مینا پەپووکا ،ئەڤدالا،دەروێشا دگەرییام ل دنیایێ
چڤاس مال و ملکێ مالا باڤێ من هەبە
ئەزێ تەمامی بڤیم سووک و چارچیان بفرۆشم
دیسا ژێ قەلەنێ زالمێ باڤێ تە دەرنایێ
ئەزێ پشتی چاڤێ رەش و بەلەک،بەژنا زراڤ
سنگ و بەرێن توشتیری منا بەخچێ بوهشتێ
بریێن قەیتانی بێڤلا چلاکی
لێڤێن تەنک درانێن مرجانی
گەردەنا زراڤ زەند و بەندێن بادایی
چ بکم ژ مالێ دنیایێ
سەبر و دایاخا دلێ من ل ڤێدەرێ نایێ
منێ پێدا پێدا خوە بەردا بەرییا مێردینێ
قەزا کزلتەپە قۆسارا رەنگین مەندۆها مێرایێ

ل سەر رەیا من شەوق و شەمالا دیرۆکێ لسەر قەسرا قەنجۆ خویایێ
منێ سلاڤەک دایە هەجی دەمۆ دۆستێکی هێژایە
هەیفا مێرێ چێ ئیرۆ نەخوەشەکی گرانە
منێ ژ ئەشک و کەرەما دلێ خوە ژ بال رەببێ ئالەمێ ژێرە خوەستی شیفایێ...
باژارێ وێرانشارێ وارێ زەرییان و چاڤرەشایە
ئەزێ د گەریام ل دەشتا هارانێ ل پەی شۆپا خبشا خەزالا
ئەزێ داکەتمە ناڤا باژارێ روهایێ،
سەر گۆلا خەلل و رەهمان باخچەیێ ئانزەلیخایێ
ژێ تێ بێهنا پێخەمبەران و ئەولییایێ
منێ ژ خوەرا تەواف کری،کەتم ناڤا وەرد و دوایێ تەلی...
لێلێ تێلییا من...
منێ بەرێ خوە دابوو دەشتا سورووجێ،کۆبانییێ
چییایێ کورمێنج ئەفرینێ ل بنێ دارێن زەیتوونان رووندشتم ل جڤاتا دەنگبێژاییێ ئەزێ دکم ناکم تاسور و پەسندانێن دەنگبێژان ل بەژنا تێلییا من نایێ...
ئەزێ چوومە هەلەبێ ،همسێ،هممایێ،کەرکووکێ کەربەلایێ
مەکا موکەرەم مەدینا موننەووەر،
تەوافکری کەڤرێ ئەسوەد جهێ تۆبایێ
وارەکێ موقاددەسە ،کەتییە دەستێ توجار و بازرگانان
سەبر و دەیاخا دلێ من لۆما ل ڤر ژی نایێ...
مینێ پێدا پێدا خوە بەردایە وەلاتێ ئراقێ
ژ خوەرا د گەرییام ل ناڤا کۆلان و کوچەیێن بەخدایێ
منێ دن و بالا خوە ددایێ کەچەک ل بنێ دارا چنارێ رووندشتییە
د خوینە رووپەلێن کورانێ مانە دکە بمبارەکا ڤێ ئوممایێ
ژمنرە دگۆت لۆلۆ لاوکۆ،رەبەنۆ،فەقرۆ مەخسەد و مرادا دلێ تە چییە
منێ دگۆ مەخسەد و مرادا دلێمن تێلییێ خەزالا کوردایێ
دگۆت:لۆ لۆ لاوکۆ ماهرومۆ ،وە مەخسەد و مرادا دلێ تە ب هەرە ئارشێ ئال،
مرادێ وە نابە ل ڤێ دنیایێ
وەرە ل کێلەکا من روونێ ژ من را دبێژن مەیرەمایێ
ئەزێ ژ تەرا بخوینم قورانێ مانە بکم بمبارەکا ڤێ ئوممایێ

هەتانی رۆژ و دانەک ژ ئەمرێ تە هەبە،توجار و توجار مرنا مالک وێران ،

مەلەکێ مەوتێ د بیرا تە نایێ وەرە تێلی تێلی..

خخخخخخخ

دە لێێێ ....

لێ لێ تێلیییێ.........

ئەزێ رۆژەکی دانێ ئێڤاری ل خانییێ روونشتیبووم ب مەلوولی ب مەخدووری ب ستوخواری

منێ دیبوو ئەزمانێ خانی ل من قول د بوو

بلبلەک ئەڤیندار خوە ل سەر چۆنگ و بەرێ من داتانی

ب منرە د پەیڤی ب ترکی،ب ئەرەبی،ب فــارســـــی،ب رۆمانی

ب کورمانجی،ب زازاکی، ب سۆرانی نانا وەلە ب چل و چار زمانی

دگۆت:

لۆلۆ لاوکۆ،ئەڤینـدارۆ،مـاهروومۆ،ڤرەکۆ، دەرەوچینۆ لۆ بێ بەختۆ

هەتانی ئەمرێ مە بوویە چاردە و پازدە و شازدە سال ئەمێ ب هەڤدوورە مانە ل بەر کار و بەرخا ب هۆگری ب هەڤالی

هەگەر دلێ تە د من دا هەبوو تە چما ژ منرە نەگۆت ب دەلالی

هەگەر تە ژمن فەدیدکر،

ئاڤا رەش ب چاڤێ تە دا نە هاتبوو،کولیان زمانێ تە نەخواربوون

تەیێ رۆژەکی ژ هەڤالەکی خوەرا ب گۆ تا دلێ من د تێلییێ دە هەیە،

ئیرۆ ئەز نە د کەتم تۆرا ڤی کالی ڤی یەختییاری

تو نە دما ل بەر وی هێتی وی دیواری

رۆژا ئیرۆ تویێ ژمنرە ببا مالخوو،ئەزێ ژ تەرا ببووما کەڤانی ،بەرمالی

وەرە تەلی تێلی تێلی تێلی...

گەلەری

خوەندن: برادەر

**بەندی دووەم: شوێن و (سترانا تێلی):**

شــوێن کاریگەری خۆی لە ســەر شــێوەو ناخی مرۆڤ هەیە. لەم ســترانەدا، ســترانبێژ دەربڕینی لە ئەزموونی شــیعری خۆی کردووە، کە بە هۆی هەبوونی هاندەری دوورکەوتن یــان دابڕانی لە خۆشـــەویســـتەکەی و بەردەوام بیری دەکرد و چاوەڕوانی دیتی یار بوو.

ســـــترانا (تێلی) ســـــترانێکی فۆلکلۆری کوردی باکورە، چەند کەســێک ئەم ســترانەیان گۆتووە، وەک (شــاکرۆ، حوسێن قازی، برادەر). (شاکرۆ) باسی سەرهەدێ زۆزانا دەکات، کەســانێک ئەم ســترانەیان رێک وەکو (شــاکرۆ) گۆتیە، وەکو(موشــلو ئیحســان)، بەڵام (حوســێن قازی) کاتی باســی جوگرافیایی دەکات و لە ئەڤینداری (تێلی) بێ هیوا دەبێ و دەســـــت لە دونیـا هەڵـدەگرێـت و دەچێتە(همس، هممـا،کەرکوک، بەغدا) ئەم شـــوێنانەی لەســـەر زیاد کردووە. (برادەر) ئەم ســـترانەی کەمێک وەک(حوســێن قازی) و کەمێک وەک(شــاکرۆ) گۆتیە و هەروەها خۆشـی چەند جوگرافیاو شـوێنی تری لەسـەر زیاد کردووە، بۆیە ئێمە جەخت لەســەر ســترانی (تێلی) بە پێی گۆتنی (برادەر) دەکەین.

لە بەشـــی یەکەمدا ئاماژەمان بە جۆرەکانی ڕەگەزی شـــوێن کردووە، کە هەر نووســـەرێک و ڕەخنەگرێک چەند دابەشـکردنیان دەسـتنیشـانکردووە، بەڵام ئێمە بە پێی تێکســت جۆرەکانی شــوێن بەرجەســتە دەکەین، یاخود لە(3) جەمســەری ســەرەکی (پێکهاتەیی،پانتایی، نیشــتەجێبوون، جێگۆڕکێ) ڕەگەزی شــوێن لە تێکســتی ســـترانی(تێلی) فۆلکلۆری دەســـتنیشـــان دەکەین. بۆ نموونە:

((ل سەر رییا مە زۆزانەە

د بنیا مە رە بنگۆلە سەرهەدە شەرەفدینە))

لەم نموونەیەدا بە شـــێوەیەکی راســـتەوخۆ ئاماژە بە(زوزان) و (بنگۆل) کراوە، مەبەست لە (زوزانە) چیایە و (بنگۆل) دەکەوێتە رۆژهەلاتی کوردســـتانی تورکیا، ئەم شـوێنانە واقیعین و شـوێنی گشـتی و کراوەیە، کە هەموو کەس بۆی هەیە بچێتە ئەم شـــوێنانە، واتە بە شـوێنێکی جێگۆڕکێ دادەنرێن. هەروەها بە شـێوەیەکی ناراسـتەوخۆ لە رێگەی(شـەرەفدین)، کە حاکمی شـاری (خربوت)بووە، ئـامـاژە بە شـــوێنێکی تری واقیعی کراوە،(خربوت) دەکەوێتە رۆژهەلاتی کوردستانی ترکیا و پایتەختی (ئەلعەزیز)ـــە، شوێنێکی جێگۆڕکێ و گشتی و کراوەیە بۆ هەموو خەڵک. لە رێگەی و ێنەی ئەم سێ شـــوێنە، وێنەی خەریبوون و گەڕان بە دوای (تێلی) بەرجەستە دەبێت.

((برەک مالێن باڤێ تێلییا من بارکرنە

ل زۆزانێن مەییێن ژۆرین دانینە

هەسپێ بنێ من رەوانە شۆپ گەرینە

منێ پێدا پێدا خوە گهاند زۆزانێ مەیا ژۆرینە

منێ دین و بالا خوە ددایێ سێ کۆن لێ ڤەگرتینە

منێ نۆمانێ خوه ئاژۆتییە پێشییا کۆنێ پێشینە))

لێرەدا چەند شوێنێکی تر بەرچاودەکەوێت، وەکو(مالێن، زۆزانێن، ژۆرین دانینە،زۆزانێ، ژۆرینە،کۆن، کۆنێ) (مالێن، کۆن) تایبەتمەندی شوێنی راستەقینەیی و داخراو و تایبەتی لەخۆدەگرێت؛ چونکە تەنها چەند کەسێک یان خێزانێکی تایبەت لە (مالێن، کۆن) دەژین و هەموو کەس بۆی نییە تێدا بژیت، شوێنی نیشتەجێبوونە و شوێنێکی ئارام و گەرمو گورە. (ژۆرین دانینە، ژۆرینە)، شوینێکی واقیعی و گشتی و کراوەیە، کە هەموو کەس دەتوانێت جێگۆڕکێی بکات. ئیستاتیکای شوێن لەم نموونەیەدا وێنەی پێشنیارکردنی شوێنی ماڵی باوکی (تێل) و دۆزینەوەی (تیلی)یە. (ئێمە باسی ئەو شوێنانە ناکەین، کە دووبارە دەبنەوە وەک(زۆزان، سەرهد، بگۆل،دنیا، مال)).

((لێڤێن وان تەنکن گولپەرینە
درانێ وان هوورن منا برنجا قەرەژداخێ سپینە وەرە تەل...)

(قەرەژداخێ) تایبەتمەندی ئەم شوێنەش ئاشکرایە، کە شوێنێکی واقیعی، کراوە، گشتی، جێگوڕکییە، سترانبێژ لە رێگەی ئەم شوێنە وەسفی جوانی و وردی و رێکوپێکی و سپێتی ددانەکانی یار (تێلی) دەکات، کە بە تایبەتمەندی برنجی دەڤەری قەرەژداخی پێکچواندووە.

((منێ دین و بالا خوە ددایێ تاخمێ سینگ و بەرێ ڤان کاریخەزالان
منا بەخچاکی بەخچێ ئرەمێ هەزار تاهمێ خوەدێ لێ دانی نە
سەرێ مەمکێن وان سۆرن قارۆتێ بنێ وان سپی نە
منا سێڤەن خەلاتێ، هنارێن دێرکە خالخالی نە))

(بەخچاکی) شوێنێکی واقعییە، کراوەیە، گشتییە، جێگۆڕکییە، کە هەموو کەس مافی سەرەدانی ئەم شوێنانەی هەیە. (بەخچێ ئرەمێ) مەبەست پێ(بەخچێ بەهەشت)ـە شوێنێکی خەیالییەو لە جیهانی ماتریالی و واقیع دا وینەی نییە، داخراوە و تایبەتە بە چینێک و شوێنی نیشتەجێبوونی ئارامە. (خەلات)(دێرەک) دوو شوێنی واقعییە، دەکەونە تورکیا، (خەلات) شوێنێکی مێژووییە دەکەوێتە پارێزگای (بەدلیسێ)، (دێرک) سەر بە پارێزگای(ماردین)ـە، ئەم دوو شوێنە، گشتییە و کراوەیە، کە هەر کەسێک بە پێی ویستی خۆی سەردانی ئەم شوێنانە دەکات،بۆیە شوێنێکی جێگۆڕکێیە. لێرەدا بەهای هونەری ئەم شوێنانە بریتییە لە وەسفکردنی ورد و جوانی سینگ و بەری( تێلی)ـە یاخود لە رێگەی ئیستاتیکای (بەخچێ ئرەمێ) کە شوێنێکی تایبەتە پڕە لە هەموو جۆرە خورادن و خواردنەوەیەک و خۆشی و جوانی و وەسفکردنی تایبەتمەندی میوەی(خەلات و دێرک) کە وێنەی وردی جوانی و سەرنجراکێشی و خۆشی سینگ و بەری یار بەرجەستە دەبێت.

((ئەزێ ئاشک و سەودالییێ بەژن و بالایا ئۆرتێ مە))

(ئۆرتێ) ناوی شارێکی ترە، ئەمەش شوێنێکی گشتی و کراوەیەو جێگۆڕکێیە و واقعییە، ئەم شوێنە رۆڵی خۆی لە دەستنیشانکردنی بەژن و باڵای یار گێراوە، واتە وینەی بەژن و باڵا بەرزی کچی شاری ئۆرتێ دیارکردووە.

((مینا قاز و قولنگێن بەرییا ژێرینە
ژ سالێ جارەکێ سەرێ خوە هلتینە
خوە ل زۆزانێ مەیە سەرهەد و بنگۆل و شەرەفدینێ دخینە))

(بەرییا ژێرینە) لێرەدا لە رێگەی ئەم شوێنە، وێنەی ئافرەتی زیرەک و چاڵاک بەرجەستە دەبێت، بە تایبەت هی (ژێرینە). تایبەتی ئەم شوێنە جێگوڕکێیە، گشتی و کراوەیە، بە شوێنێکی واقیعی ئەژمار دەکرێت.

((ئەز نزانم چما رەوشا جیهانێ بەختێ فەلەکێ وسانە
تم و دایم ژنێن چێ قسمەتێ مێرێ کۆتینە وەرە تێلی
تێلی تێلی......
خخخخخخخخ
لێلێلێلێ تێلیێ.....
تێلییا من لێ هایێ
بەژن زراڤا من لێ هایێ
ئەزێ سالا ئیسال ،ئاشق و سەودالییە بەژن و بالا تە بوومە
مینا پەپووکا، ئەڤدالا،دەروێشا دگەرییام ل دنیایێ))

دوو شوێنی هاوواتا لەم نموونیەدا بەدی دەکرێت(جیهان،دونیایێ) هەمو خەڵک لەم جیهان و دونیایەدا دەژین؛ بۆیە بە شوێنێکی گشتی و کراوە ئەژمار دەکرێت، تایبەتمەندی جێگۆڕکێ لەخۆدەگرێت، سەرەڕای ئەوەی شوێنێکی واقعییە. (چێ)مەبەست پێ (چیا)یە، کە لە نموونەکانی پێشتر باسمان کردووە. ئیستاتیکاو بەهای هونەری ئەم شوێنانە، رۆڵی خۆیان هەیە، لە بەرجەستەکردنی وێنەی گەڕانی بەردەوام لە هەموو شوێنێک لە دوای یار وەک باڵندەیەک، کە بەهۆیەوە یاخود لە داخیدا بۆتە کەسێکی هەژار و بێهز .

((ئەزێ پشتی چاڤێ رەش و بەلەک،بەژنا زراڤ

سنگ و بەرێن توشتیری منا بەخچێ بوهشتێ))
(بەخچێ بوهشتێ)ــــە شوێنێکی خەیالییەو لە جیهانی ماتریالی و واقیع دا وینەی نییە، داخراوە و تایبەتە بە چینێک وە نیشـــتەجێبوون لەم شـــوێنەدا ئارامە.بەهای هونەری ئەم شـــوێنە، بریتییە لە نیشـــاندانی وێنەی بەهەشـــت، کە شـــوێنێکی تایبەتە پڕە لە هەموو جۆرە خورادن و خواردنەوەیەک و خۆشـــی و جوانی، لە ڕێگەی ئەم شـوینە وینەی وەسـفی سـەرنجراکیش و جوانی ســـینگ و بەری یار دەکێشـــێت، کە جوانی و سەرنجراکێشییەکەی بە بەهەشت پێکچوێندراوە.

((سەبر و دایاخا دلێ من ل ڤێدەرێ نایێ
منێ پێدا پێدا خوە بەردا بەرییا مێردینێ
قەزا کزلتەپە قۆسارا رەنگین مەندۆها مێرایێ
ل سەر رەیا من شەوق و شەمالا دیرۆکێ لسەر قەسرا قەنجۆ خویایێ))

(مێردینێ، قەزا کزلتەپە، قۆسـارا) ئەم شـوێنانە، شـوێنی واقعین، دەکەونە تورکیا،شوێنی گشـتی و کراوەیە، بۆیە جێگۆڕکێیە، جەخـت لە شـــوێنە کوردیەکـانی تورکیـا دەکـات، ئەو شـــوێنـانەیە، کە یـار(تێلی)لێیە. (قەســــرا قەنجۆ)ئەم قەســـــرە دەکەوێتە پـارێزگـای (مـاردین)، لە گوندی(قەسرێ) لە باشووری رۆژئاوای شاری (دیرک)، ئەم قەســـــرە مێژوویکی کۆنی هەیە بۆ (1705)زایینی دەگەرێتەوە، لە ســـاڵی (1905) لەلایەن ســــەرۆکی عەشیرەتی (دنا) یەزیدی (حوسێن قەنجۆ) نوژەن کراوە؛ بۆیە هەر بە نـاوی ئەو کراوە.(قەســـر) شـــوێنێکی داخراوە، تایبەتییە، شـوێنێکی ئارامە بۆ نیشـتەجێبوون، بە شـــوێنێکی واقعی ئەژمار دەکرێت. واتە ئیســـتاتیکای ئەم شوێنانە بریتییە لە بەرجستەکردنی وێنەی نەژادی (تێلی)، کە کچە کوردێکی باکورە و بەردەوام بە دوایدا دەگەرێت.

((باژارێ وێرانشارێ وارێ زەرییان و چاڤرەشایە
ئەزێ د گەریام ل دەشـتا هاڕانێ ل پەی شـۆپا خبشـا خەزالا
ئەزێ داکەتمە ناڤا باژارێ روهایێ،
سەر گۆلا خەلل و رەهمان باخچەیێ ئانزەلیخایێ))

لەم پەرەگرافەدا بە شـــێوەیەکی راســـتەوخۆ ئاماژە بە چەند شـوێنێک دراوە، (باژارێ وێرانشـارێ، وار، دەشـتا هـاڕانێ، بـازارێ روهـایێ، بـاخچەیێ ئـانزەلیخـایێ) هەموویان شـوێنی واقعین، (باژارێ وێرانشـارێ، دەشـتا هـاڕانێ، بـازارێ روهـا(ئورفە)) دەکەونە بـاشـــووری رۆژهەلاتی تورکیا نزیک ســـنووری ســـوریا، شـــوێنی گشـــتی و کراوەن، ســــەرەڕای ئەوەی بە شـــوێنێکی جـێـگـۆڕکـێ لە قەلەم دەدرێـت.(بـاخـــچەیـــێ ئەنزەلیخایێ)تایبەتمەندی ئەم شـوێنە داخراوە و تایبەتە و لە هەمان کاتیشـدا شـوێنی نیشـتەجێبوونە، کە تەنها چینێک ســــەرەدانی ئەم شــــوێنە دەکەن. لە ڕێگەی ئیســـتاتیکای ئەم شـــوێنانە، وێنەی وەســـفی جوانی ئافرەتی کورد بەرجەستە بووە.

((منێ بەرێ خوە دابوو دەشتا سورووجێ، کۆبانییێ
چییـایێ کورمێنج ئەفرینێ ل بنێ دارێن زەیتوونـان رووزشتم ل جڤاتا دەنگبێژاێ ئەزێ دکم ناکم تاسور و پەسندانێن دەنگبێژان ل بەژنا تێلیا من نایێ...
ئەزێ چوومە هەلەبێ ،همســـێ،هممـایێ،کەرکووکێ کەربەلایێ))

(دەشـــتـا ســـورووجێ، کۆبـانییێ، چیایی کورمێنج، ئەفرینێ، هەلەبێ، همســـێ، هممـایێ، کەرکووکێ، کەربەلایێ) ئەم شـوێنانە هەمووی دەکەوێتە (سـووریا ) بێجگە لە (کەرکووکێ، کەربەلایێ) کە دەکەونە (عێراق). ئەم شوێنانە تایبەتمەندی شوێنی واقیعی، کراوە، گشتی، جێگۆڕکێ لە خۆدەگرێت، کە بە کۆمەلێک تایبەت نییە. ئیســـتاتیکای ئەم شـــوێنانە وێنەی گەڕانی بەردەوام بە دوای یار، کە روو دەکاتە ناوچەکانی ســـووریا و دوو ناچەی عێراق.

((مەکا موکەڕەم مەدینا موننەووەر،
تەوافکری کەڤرێ ئەسوەد جهێ تۆبایێ
وارەکێ موقاددەسە ،کەتییە دەستێ توجار و بازرگانان
سەبر و دەیاخا دلێ من لۆما ل ڤر ژی نایێ...
مینێ پێدا پێدا خوە بەردایە وەلاتێ ئراقێ
ژ خوەرا د گەرییام ل ناڤا کۆلان و کوچەیێن بەخدایێ
منێ دن و بالا خوە ددایێ کەچەک ل بنێ دارا چنارێ روونشتییە))

لێرەدا ئـامـاژە بە شـــوێنی پیرۆزی ئـایینی ئیســــلام دراوە(مەکا موکەڕەم، مەدینا موننەوەرە، جهێ تۆبایێ، وارەکێ موقاددەسـە) ئەم شـوێنانە دەربڕین لە شـوێنی پیرۆزی ئاینی ئیســـلام دەکەن، کە ئەم شـــوێنە پیرۆزە واقیعیە، داخراوە، تایبەتە، کە تەنها مرۆڤی موســـلمان و ئیماندار روو دەکەنە ئەم شـوێنە پیرۆزە، بە شـوێنێکی جێگۆڕکێ دادەنرێـت؛ چونکە بۆ مـاوەیەکی دیـاریکراو مرۆڤی موســـلـمـان تێدا دەمێنەوە و دواتر جێگۆڕکێ دەکات. پاشان ئاماژە بە (وەلاتێ ئراقێ، کۆلان، کوچێین بەخدایێ) هەموو شـــوێنی واقیعییە، کراوەو گشــــتییە، جێگۆڕکێیە. بەهای هونەری شـوێن بریتییە لە نیشـانەی

چاوەڕوانی وئارامگرتن لە پێناو دیتنی یار، بۆیە بەردەوام بە دوای دەگەڕێت و تەنانەت لە شوێنە پیرۆزەکانیش.

((ئەزێ ڕۆژەکی دانێ ئێڤاری ل خانییێ روونشتیبووم ب مەلوولی ب مەخدووری ب ستوخواری))

لەم نموونەیەدا ئاماژە بە (خانییێ) دراوە/ تایبەتمەندی ئەم شوێنە، شوێنێکی واقعییە،داخراوە، تایبەتە و مرۆڤ تێدا نیشتەجێ دەبێ و هەست بە ئارامی دەکات. ئیستاتیکای ئەم شوێنە، وێنەی بێ ئومێدی و بێ هیوایی لە شادبوونی بە (تێلی) بەرجستە دەبێت، بۆیە دەست لە گەڕان بە دوایدا بەردەدات.

لەم سترانە فۆلکلۆریەدا، ئیستاتیکای شوێن یاخود سەرجەمی ئەم هەموو شوێنانەی سترانی (تێلی) دەربڕینی لە وەسفی ورد جوانی تێلی و بەردەوام گەڕان بە دوایدا لە هەموو شوێنێک و بەرگە گرتن، لە پێناو عیشق و خۆشەویستی تا لە کۆتایی هیوای شادبوونی بە تێلی لە دەست دەدات. هەروەها وەها جۆرەکانی شوێن لە رووی هەر سێ جەمسەرەوە پەیرەو کراوە؛ بەڵام پێویستە ڕێژەی بەرزترین جەمسەر لەم سترانە دەستنیشان بکەین. بڕوانە ئەم خشتەی خوارەوە:

| ژمارە | جۆر | | ئەژمار | ڕێژەی سەدیی00% |
|---|---|---|---|---|
| 1 | لە رووی پێکهاتە | واقیعی | 43 | %19.3 |
| | | خەیالی | 2 | %0.88 |
| 3 | لە رووی پانتایی | کراوە/گشتی | 34 | %15.3 |
| | | داخراو/تایبەتی | 11 | %4.8 |
| 3 | لەرووی نیشتەجێبوون و جێگۆڕکێ | جێگۆڕکێ | 39 | %17.5 |
| | | نیشتەجێبوون | 6 | %2.07 |

خشتەی ژمارە (1)

((ڕێژە ی سەدیی جۆرەکانی شوێن لە سترانا تێلی فۆلکلۆریدا))

بە پێی ئەم ئامارە بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە لە سترانی(تێلی) فۆلکلۆری ئاماژە (45) شوێن کراوە، هەر سێ جەمسەری بە ڕێژەی جیاواز پەیرەوکراوە، لە رووی پێکهاتەوە، ڕێژەی(19.35%) شوێنی واقیعیە بەرزترین ڕێژەیە بەرامبەر ڕێژەی (0.88%) شوێنی خەیالی.لە رووی پانتایی، شوێنی کراوە / گشتی بە ڕێژەی (15.3%) بەرامبەر شوێنی داخراو/ تایبەتی بە ڕێژەی (4.84%) پەیرەوکراوە. لە رووی نیشتەجێبوون و جێگۆڕکێ، شوێنی جێگۆڕکێ بە ڕێژەیەکی(17.55%) زۆر بەرزتر بەرامبەر ڕێژەی(2.07%) شوێنی نیشتەجێبوون. واتە دەتوانین بڵێین شوێن لە سترانا تێلی فۆلکلۆری، شوێنی واقیعین (19.35%)، کراوەیە/ گشتی یە(15.3%)، جێگۆڕکێیە(17.55%). هەروەها لە نێوان هەرسێ جەمسەردا، شوێن لە رووی پێکهاتەوە / واقیعین بەرزترین ڕێژەیە بە رامبەر جەمسەرەکانی تر.

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، کە لە ڕێگەی چەند وشەو دەستەواژەیەک لە سترانی (تێلی) فۆلکلۆری کوردی دا بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ ئاماژە بۆ شوێن دەکەن، وەک: (شوێنی جەستەیی، وشەی دەربڕینی لە شوین، هەڤاڵکاری شوێن) ئەمانە وەک شوێن سەرەدەریان لەگەڵ دەکرێت، یاخود ئەم وشەو و ئامرازە زمانیانە هاوکارن بۆ بەرجەستەبوونی شوێن. وشە و ئامرازەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

1- وشەی جەستەیی(چاڤ، برژانگ، برۆ، بێڤلێ، گەردەن، روویێ، لێڤێن، دران، سینگ و بەرێ، سەرێ مەمکێن، زەند و بەند، دل، پەی شۆپا، زمانێ، چۆک، ستۆ).

2- وشەی دەربڕینی لە شوێن(گهاندن، پێشیا، روونشتینە، کێلەکا، روونی، کەتم ناڤ، داکەتمە ناڤ، نەد کەتم).

3- هەڤاڵکاری شوێنی(ل سەر رێیا، دبنیامەرە، هەسپێ بنێ من، لێ دانی نە، بنێ وان سپی نە، ل سەر ماسێ، ل ڤێدەرێ، سەر گۆلا، ل بن دارێن زەیتونان، ل ڤر). ( ئێمە ئاماژەمان بە هەڤاڵکاری شوێنی دووبارە نە کردووە). بۆ پتر روونکردنەوەی ڕێژەی بەکارهێنانیان، بڕوانە ئەم خشتەی خوارەوە:

| ژمارە | ئاماژەی ناراستەوخۆ | ئەژمار | ڕێژەی سەدیی100% |
|---|---|---|---|
| 1 | وشەی جەستەیی | 16 | %5.4 |
| 2 | هەڤاڵکاری شوێنی | 10 | %3.4 |
| 3 | وشەی دەربڕێنی | 8 | %2.7 |
| سەرجەم | | 34 | %100 |

خشتەی ژمارە (2)

((ڕێژەی سەدیی ئاماژەی ناراستەوخۆ بۆ شوێن لە سترانا تێلی فۆلکلۆریدا))

بە پێی ئەم ئامارەی سەرەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە لە سەرجەمی (34) ئاماژەی ناراستەخۆ بۆ شوێن لە سترانی تێلی فۆلکلۆری دا بە ڕێژەی جیاواز لە نێوان ئاماژەکان بەدی دەکرێت، کە ڕێژەی وشەی جەستەیی (5.44%) بەرزترین ڕێژەیە بەرامبەر ئاماژەکانی تر، ڕێژەی وشەی دەربڕینی(2.72%) کەمترین ڕێژەیە، هەڤاڵکاری شوێنی بە ڕێژەی(3.4%) لە سترانا تێلی فۆلکلۆری پەیرەو کراوە.

**ئەنجام:**

1- جۆرەکانی شوێن بە هەرسێ جەمسەرەوە بە ڕێژی جیاواز لە سترانا (تێلی) فۆلکلۆری کوردی بەدی دەکرێت.

2- شوێنی سترانا تێلی، شوێنێکی واقیعی، کراوە/گشتی، جێگۆڕکێیە.

3- بەگشتی شوێنی سترانا (تێلی) واقیعییە.

4- ئاماژەی ناراستەوخۆ(وشەی جەستەیی، وشەی دەربڕینی، هەڤاڵکاری شوێن) بۆ شوێن لە سترانا (تێلی) فۆلکلۆری کوریدا بە ڕێژەی جیاواز بەکارهێنراوە.

5- ئاماژەی نا راستەوخۆ بۆ شوێن لە سترانا (تێلی)، بریتییە لە ئاماژەی وشەی جەستەیی.

6- ئیستاتیکای شوێن لە سترانا (تێلی)، بریتییە لە دەربڕینی نەژاد وەسفی ورد جوانی تێلی -کچی باکوری کوردستان- و بەردەوام گەڕان بە دوایدا لە هەموو شوێنێک و بەرگە گرتن، لە پێناو عیشق و خۆشەویستی تا لە کۆتایی هیوای شادبوونی بە تێلی لە دەست دەدات.

## لیستی سەرچاوەکان:

**بە زمانی کوردی:**

1- ئەڵوەنی، نەجم(٢٠١٧). تیۆری کۆمەڵناسیی ڕۆمان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

2- برادەر، فۆلکلۆر. تێکستی سترانا تێلی.

3- پوور،هەژیر عەبدوڵڵا(٢٠٠٨). فەرهەنگی هەژیر، فارسیکوردی ٢، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی- دهۆک.

4- سابیر، پەریز(2001). بینای کوردی هونەری چیرۆکی ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

5- ساڵح، تانیا ئەسعەد محەممەد(2001). بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، چاپی یەکەم،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

6- علی، هودا عبدالله(٢٠١٥). فەرهەنگی ئۆکسفۆردی بژاردە، چاپخانەی چوارچرا.

7- عەباس، محەمەد سلێمان(١٩٨١). " مرۆڤ و زەمەن"، لە الموسوعه الفلسفيه،اشراف: روزنتان، ترجمه: سمير كرم، بيروت.

8- نظام الدين، فاضل(1989). ئەستێرەگەشە،فەرهەنگی کوردی عەرەبی یە ،چاپی دووەم، دار الكتب و الوثائق، بغداد.

**بە زمانی عەرەبی:**

* القران الكريم.

9- ابراهيم،نعمةمحمد(بدون سنةالطبع)، نظريه المكان في فلسفة الحسن بن الهيثم الطبيعيه، مجلة آداب، عدد( ١٢).

10- بحراوي، حسن (1990). بنية الشكل الروائي،الطبعة الاولى،المركز الثقافيالعربي،بيروت.

11- البنا، بان(2009). الفواعل السردية، الطبعة الاولى، عالم الكتب الحديث،الاردن.

12- بودو ستنيك و اخرون (١٩٧٠)، عرض موجز الماديه الدياليكتيكية، دار التقدم، موسكو.

13- بورنوف، رولان و اخرون (1991). عالم الرواية،ترجمة:نهاد التكريلي، مراجعة:فؤاد التكريلي و محسن الموسوى،الطبعة الاولى، دار الشؤن الثقافية العامة،بغداد.

14- صابر، شاكر(2012) ،الفضاء الروائي عند سليم بركات، الطبعة الاولى، مطبعة رؤذهةلات، اربيل.
15- عبدالمعطي، علي(١٩٨٤). تيارات فلسفيه معاصرة، دارالمعرفة الجامعية، مصر .
16- الورفلي، حاتم(2009). پول ريكور... الهوية و السرد ،دار تنوير للطباعة و النشر،بيروت.

## جمالية المكان في الاغنية الفلكلورية الكوردية
## (اغنية تيلي نموذجا)

**الملخص:**

هذا البحث الموسوم بـ(جمالية المكان في الاغنية الفلكلورية الكوردية( اغنية تيلي نموذجا)، هو محاولة لبيان دور و موقع و مفهومها للمكان. لاوجود لأنسان على وجة الارض بلا مكان،فلاماكن التى يعيش فيها الانسان ليست فقط إماكن جغرافية، وإنما أماكنتحمل قيمة و تجربة و معنى انسانيا، بمعنى ان المكان لة تأثير على الانسان و خصائصة من خلال تأثيرة على سايكواوجيته و هويتة الشخصية،هذا يعنى ان المكان صاحب سلطة و لة القدرة غلى تحديد الاختلاف بين طبقات المجتمع . بدون شك ان الانسان ايضا لة تأثيره على المكان و هذا متعلق بتطور فكر الانسان و معنى ذللك ان هنالك ثمة علاقة بين الانسان و المكان، علاقة تأثرية متعددة الاطراف.

المكان حسب انواعه، له مكانته و اهميته في النص الادبي و غيابه يسبب ضياعا للقيمة الفنية للنص و دراستنا هذة تخص قراءة تحليلية و سفية احصائية لـ( جمالية المكان في الاغنية الفلكلورية الكوردية( اغنية تيلي نموذجا) اغنية تيلي، اغنية فلكلورية كوردية تعود جغرافيتها الى شمال كوردستان و هي تتحدث عن العشق و الحب عن طريق وصف الفتاة و المعشوق (تيلي)، و تركز الدراسة بالحديث عن المكان كبؤرة عميقة عن طريق وصف فني جذاب للأغنية تيلي، اذ تتجسد جمالية المكان مثل لوحة فنية لمجموعة اماكن ملونة و اضحة.

وبحثنا هذا محاولة علمية للتحدث عن المكان قي النص الفلكلور الكوردى، بهدف اكثر تقبل و تعرفا في النص الاصلى الفلكلؤرى للقومية الكوردية و تحديد القيمة العلمية للنص عن طريق اعداد احصاء لأنواع الاماكن في الاغنية الفلكلورية الكوردية.

**الكليمات الداله:** *مكان،اغنية، فلكلور، تيلي، شمال كوردستان، قومية كوردية، جمالية، نص.*

## Aesthetic Place in Kurdish Folkloric Songs
## ( Teli’s Song as a case study)

**Abstract:**

This research, it is entitled(Aesthetic Place in Kurdish Folkloric Songs( Teli’s Song as a case study), it is an attempt to illustrate the role and station of place. Human beings have no existence on this earth without a place. The places that human beings are living on are not the only geographical place, but it carries the experiences, value, and the meaning of Humanity, which means, the place has an impact on the psychology, indicating the personal identity, and characteristics of the humans. So, whichever type of the personality, that means, place has an authority and it becomes a reason behind having different class people in the society. Undoubtedly, humans have also a great impact on the place, thus, it relates to the human thinking progress. Means that, the relationship between the place and human beings is a multi-face, influential, and meaningful. Place, based on its types, has its position in the literary text and it will be meaningless without the existence of that place. In this paper, the statisttical descriptive analysis reading has been done to “Aesthetic Place in Kurdish Folkloric Songs( Teli’s Song as a case study) “Teli’s Song, is a folkloric song from Northern Kurdish. It deals with the love and admiration through the glorification and description of Teli’s lady and her Lover. It utters from the depth of the place. Which means, throughout an attractive literary description to Tel’s song, the aesthetic place is embodied, as a literary board that several various pure places are embodied. This study is a scientific land-living argument about the place in the Kurdish folkloric text. It aims to introduce and going deeply through the folkloric texts of Kurdish nation. By addressing the value of the place and identifying the ratio of the its types usage in that Kurdish folkloric song.

**Keywords**: *Place, Song, Folklore, Teli, Northern Kurdistan, Kurdish Nation, Aesthetics, Text*